گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاستەنگەکانی گوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتییەکان لە بازنەی یەکەمی خوێندنی بنەرەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە

**ڕەنگین صدیق بکر**

بەشی زانستە کۆمەلاییەتیەکان ، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت، زانکۆی هەڵەبجە، پارێزگای هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان ,عیراق

ranginsadiq70@gmail.com

**امیرە حسین شریف**

بەشی زانستە کۆمەڵاییەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت، زانکۆی سەلاحەددین ، پارێزگای هەولێر، هەرێمی کوردستان ,عیراق

Ameera.Shareef@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٤/١/١١

پەسەندکردن:٢٠٢٤/٣/٣

بڵاو کردنەوە: هاوین ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**

*Difficulties, Skill and Social values , First circle of the basic stage, Teachers*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.10.2.15

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئاستەنگەکانی گوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکانە لە بازنەی یەکەمی خوێندنی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە بۆ ساڵی خوێندنی (2023 -2024)، هەروەها دیاریکردنی کاریگەری گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت)، لەسەر جیاوازی دیاریکردنی ئاستەنگەکان، بۆ گەشتن بە ئامانجی توێژینەوە ڕێبازی توێژینەوەی راپێوی(الوصفي) جێبەجێ کراوە، فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێندراوە کە هەریەک لە ڕاستی و جێگیری بۆ دەرهێندراوە، وە پێکهاتوە لە (5) تەوەری سەرەکی ئەوانیش ئاستەنگی پەیوەست بە ( ڕێگاکانی وانە گوتنەوە، مامۆستا، فێرخواز، پرۆگرامی خوێندن، ژینگەی کارگێری فێرکردن)، ئامرازی توێژینەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێ بەجێکراوە بەسەر نمونەیەک لە مامۆستایانی سنوری پەروەردەی ناوەندی هەولێر، کە ژمارەیان (95)مامۆستایە. ئەم توێژینەوەیە گەیشتوە بەم ئەنجامەی کە کۆمەڵێک ئاستەنگ هەن لە گوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەلایەتیەکان پێشەنگیان ئەو ئاستەنگانەن کە پەیوەستن بە مامۆستایانەوە، هەروەها گۆڕاوی رەگەز کاریگەری نیە لە جیاوازی بۆچوونی مامۆستایان لە دیاریکردنی ئاستەنگەکان. بەڵام گۆڕاوی ساڵانی خزمەت کاریگەری هەیە لە جیاوازی روانگەی مامۆستایان بۆ دیاریکردنی ئاستەنگەکان، لەژێر رۆشنایی ئەنجامی تویژینەوە چەند راسپاردەیەک خراوەتەروو، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا پێشنیازکراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بەناونیشانی (ئاستەنگەکانی گوتنەوەی کارامەی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەی) .

## 1.پێشەکی:

پەروەردە ڕۆڵی گرنگی  هەیە لە بنیادنان و دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤ لە ڕێگای زیادکردنی زانیاری و کارامەیی و ئەو لێهاتوویانەی کە ڕۆلیان لە پێگەیاندنی تاکێکی بەرهەمهێن هەیە، پەروەردەی نوێ تەنها پرۆسەی پێدانی زانیاری نیە بەڵکو پرۆسەی پێگەیاندنی تاکێکی خود فێرکارە وە گۆرانکارپە لە رەفتارەکانی تاک و گەشەپێدانی کەسایەتی و ئاراستەکردنیەتی بەرەو خزمەتکردن و پێشخستنی کۆمەڵگایە (الشريفي، 2004).

پرۆگرامی خوێندن ئەوشارەزاییە پەروەردەیانەن کە قوتابخانە دەیرەخسێنێت بۆ فێرخواز لەدەرەوەو ناوەوەی پۆلدا بەئامانجی گەشەپێدانی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا (محمد، 2016)، پرۆگرامەکانی خوێندن وەک یەکێک لە کەرەستەی پەروەردەیەکان ، گۆڕانکاریکردن لە پرۆگرامەکانی خوێندن یەکێکە لە داواکارییەکانی پەروەردەی نوێ کە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکان هاوتای ئەوگۆڕانکارییە خێرایەی سەردەمی هاوچەرخبێت، کە پێویستی بە تاکێکی بەرهەمهێن

و کارامە و خاوەن بەهایی رەفتاری و کۆمەڵاییەتیبێت، لەم سۆنگەیەوە پەرتوکی خوێندنی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان وەک یەکێک لە پەرتوکەکانی پرۆگرامی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندنی (بنەڕەتی و ئامادەی) جێبەجێکراوە.

بێگومان ئەرکی گوتنەوەی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن لە ئەستۆی مامۆستایە، کە بەبەردی بناغەی پرۆسەی فێرکردن دادەندرێت، وە هەرگۆڕانکاریەک پلانی بۆ دابندرێت لە پرۆسەی فێرکردندا مامۆستا پێی هەڵدەستێت، لێهاتووبون لەوانەگوتنەوەوبەکارهێنانی رێگاو شێوازی وانەگوتنەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر هێنانەدی ئامانجەکانی پرۆگرامی خوێندن (المنصوري، 2001).

دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی گرفت بەرلە چارەسەرکردنی پەیوەستە بە کارامەیی هۆشیاری تاک کە درک بە بونی بەربەست بکات لەبەردەم کارەکانی، وایلێبکات هەڵوێست وەربگرێت بەرامبەر بەم ئاستەنگانە وە کون و کەلەبەری زانیاریەکانی بۆبگەرێت و لێکۆلینەوەی لێبکات لە پێناو گەیشتن بە چارەسەری (حمادنە، 2014)

بێگومان گوتنەوەی پرۆگرامێکی نوێی خوێندن لەقۆناغێکی گرنگ و بنیادنەر ی وەک قۆناغی بنەڕەتی بەتێپەڕبوونی کات ئاستەنگ و گرفت دروستدەبێت لە گوتنەوەیدا بوونی ئاستەنگ لە هەریەکێک لە ( مامۆستا، فێرخواز، پرۆگرام، ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، ژینگەی کارگێری فێرکردن )، ڕاستەوخۆ کاریگەریان دەبێت لەسەر چۆنیەتی گوتنەوەی بابەتی وانەکان، دیاریکردنی ئەم ئاستەنگانەش بایەخێکی زۆری هەیە بۆ مامۆستا و سەرپەرشتیاران و کاربەدەستانی بواری پەروەردە و فێرکردن، هەرچەندە توێژینەوەی هاوشێوە ۆدیاریکردنی کێشەکانی گوتنەوەی هەندێک لە بابەتەکانی تری پرۆگرام ئەنجامدراوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە ئاستەنگەکانی گوتنەوەی کارامەیی و بەها کۆمەڵاییەتیەکان دیاری دەکات لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، ئەمەش یەکەم توێژینەوەیە لەم بوارەدا ئەنجام درابێت.

## 1-1 کێشەی توێژینەوە

لە ساڵانی ڕابردوودا چەندین گۆرانکاری گرنگ لە بواری پەروەردە ئەنجامدرا, یەکێک لەوانە گۆڕانکاری بوو لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانکاریانەدا زیادکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرۆگرامی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان بوو، کە بە فەرمانی ژمارە (15348) وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێکەوتی (2019/9/10) بەشێوەی ئەزموونی لە قۆناغی بنەڕەتی جێبەجێکرا، وە لەساڵی خوێندنی (2021/2020) لەقوناغەکانی بنەڕەتی ئامادەیی جێبەجێکرا.

لە چوارچێوەی ئامادەسازیەکانی گوتنەوەی ئەم بابەتە بەرێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە خولێکی گوتنەوەی ئەم بابەتە نوێیەی کردەوە بۆ مامۆستایان بەڵام ئەمە نەبوە بە ئامادەکردنێکی باش بۆ مامۆستیان، هەروەها کۆمەڵی گرفتیترکە ئاستەنگیان دروستکردوە لە گوتنەوەی ئەم بابەتەی پرۆگرامی خوێندن. بەهۆی سروشتی کارکردنی توێژەران وەک مامۆستای کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت وە پەیوەندی و بەرکەوتنیان لەگەڵ مامۆستایانی قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی  هەر زوو درکیان بە بوونی ئاستەنگ کردوە لە گوتنەوەی بابەتی کارامەی و بەها کۆمەڵایەتیەکان، لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەستبکەوێت کە بریتیە لە (ئەو ئاستەنگانە چین کە مامۆستا ڕووبەرووی دەبێتەوە لە گوتنەوەی بابەتی کارامەی و بەها کۆمەڵایەتیەکانی بازنەی یەکەمی خوێندن ؟) .

## 2-1 گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ئاستەنگەکانی گوتنەوەی بابەتی کارامەیی وبەها کۆمەڵاییەتیەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، بێگومان بۆچوونی مامۆستایان گرنگی زۆری هەیە چونکە ئەوان ئەندازیاری جێبەجێکاری پرۆسەی فێرکردنن لە پۆلدا، هەر ئاستەنگێک ئەوان دیاری بکەن ئەوا گرفتی ڕاستەقینەن وبەربەستی هێنانەدی ئامانجی پەروەردەی دیاریکراون لە گوتنەوەی ئەم پرۆگرامەدا بەتایبەت لە بازنەی یەکەمی خوێندن دا.. لێرەدا گرینگی ئەم توێژینەوەیە دەخەینەڕوو ئەوانیش :

1. بەرچاو ڕوونییە بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەڕێگایی دیاریکردنی ئەم ئاستەنگانەی کە پەیوەستن بە گوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەهای کۆمەڵایەتی لەناو پۆلدا.

2. کۆلێژەکانی پەروەردە وپەروەردەی بنەرەت وەک یەکێک لەم لایەنانەی ئەرکی پێگەیاندنی مامۆستایانیان لە ئەستۆدایە، لەرێگای ئەم توێژینەوەیەدا ئاشنادەبن بەم ئاستەنگانەی کە ڕووبەرووی مامۆستایان دەبێتەوە، وەک بەشێک لە چارەسەرکردن پێداچونەوەیە بەبابەتەکانی خوێندن لە کۆلێژەکاندا، بەئامانجی پەرەپێدانی تواناو لێهاتووی و سازکردنی مامۆستایان بۆ گوتنەوەی بابەتی کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتیەکان.
3. ئەم توێژینەوەیە بۆ هەریەک لە بەرێوبەرایەتییەکانی پەروەردە وسەرپەرشتیاران وکارگێری قوتابخانەکان ومامۆستایان گرنگە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو ئاستەنگانە دیاریدەکات کە پەیوەستن بە سروشتی کارەکانیان و چۆنیەتی ئەداکردنیانەوە.
4. لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیە ئاستی جیاوازی تێڕوانینی مامۆستایان بۆئاستەنگەکان لەڕووی ڕەگەز و ساڵانی خزمەت لەگوتنەوەی بابەتەکە دەردەکەوێت .

### 1 -3 ئامانجی توێژینەوە

1. دیاریکردنی ئاستەنگەکانی گوتنەوەی کارامەیی و بەها کۆمەڵاییەتیەکان لە بازنەی یەکەمی خوێندنی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە.
2. دیاریکردنی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز لەسەردەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی گوتنەوەی بابەتی کارامەیی وبەها کۆمەڵاییەتیەکان لەبازنەی یەکەمی خوێندنی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە.
3. دیاریکردنی کاریگەری گۆڕاوی ساڵانی خزمەت لە دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی گوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵاییەتیەکان لە بازنەی یەکەمی خوێندنی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە.

### 4-1 پرسیاری توێژینەوە

1. ئەم ئاستەنگانە چین کەمامۆستا روبەرووی دەبێتەوە لە گوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەهای کۆمەڵایەتیەکان لەبازنەی یەکەمی خوێندن دا؟

2. ئایا گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەری هەیە لە سەر جیاوازی وەڵامی نمونەی توێژینەوە لەدیاریکردنی ئاستەنگەکانی وانەگوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان ؟
3. ئایا گۆڕاوی ساڵانی خزمەت کاریگەری هەیە لەسەرجیاوازی وەڵامی نمونەی توێژینەوە لەدیاریکردنی ئاستەنگەکانی وانەگوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان ؟

## 5-1 سنوری توێژینەوە

سنوری مرۆڤی : مامۆستایانی بابەتی کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتیەکان لە بازنەی یەکەمی خوێندن

سنوری جوگرافی: قوتابخانەکانی سنوری پەروەردەی ناوەندی شاری هەولێر .

سنوری کاتی : ساڵی خوێندنی (2024/2023).

## 6-1 پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوە

1. ئاستەنگ(گرفت):

دۆخێکی دیاریکراوە پێویستی بە گرینگی پێدان و توێژینەوەو لێکۆلینەوەکردنەوە (الزغلول، 2003، صفحة 18)

پیناسەی ڕێکاری:

هەموو ئەو بەربەستانەن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر گوتنەوەی بابەتی وانەکان بەشێوەی پەسندکراو.

2-کارامەییەکان

- بریتیە لە ڕێکخستنێکی تەواوکار لە زانیاری، کارامەیی ، ئاراستە، بەها، ئەم بیروباوەڕانە کە لە ڕێگایی ڕێکخەرانی پرۆسەی فێربوون و فێرکردنەوە پێشدەخرێن، کە تیایدا فێرخواز ڕادەهێندرێت لە سەر بوونی کەسایەتی سەربەخۆ وبەرپرسیار،وە خۆی هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکانی بدات، وە کارەکانی ڕۆژانەی ئەنجامبدات بە شێوەی پەسندکراو (محمد آ.، 2020، صفحة 332)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-بریتیە لە لێهاتووی و زانیاری و ڕەفتار و ئاراستانەی کەیارمەتی فێرخوازدەدات تاکێکی سەرکەوتوو و داهێنەرو پشت بەخۆبەستووبێت وە هاوڵاتییەکی چالاک و خاوەن مەعریفەبێت (oumbis.a, 2015, p. 24)

3-بەها کۆمەڵایەتیەکان

- بریتیە لە کۆمەڵێک بیروباوەری پەیوەستن بە بەهای تاک و پابەندبوونی لە کۆمەڵگادا (اللوزي، 1999، صفحة 59)

-بریتیە لەم بەهایانەی کە پەیوەستن بە پێوەری پەیوەندی تاک بەدەوروبەری لەکۆمەڵگادا، وەک هاوکاریکردن، یارمەتیدان، هاوسۆزی، ڕێزگرتن، لێبوردەی، ڕێزدانان بۆ گەورەکان، پیشاندانی هاوسۆزی بۆبچوکەکان، هەستکردن بەبەرپرسیاریەتی (حكيمە، 2018، صفحة 20)

-پێناسەی رێکاری :

کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان یەکێکە لە پرۆگرامەکانی خوێندن کە هەموو ئەوکارامەی و بەها کۆمەلایەتی و ڕەفتارییانە لە خۆدەگرێت کە فێرخواز لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی پێویستیەتی .

4-بازنەی یەکەمی خوێندنی بنەڕەتی

قۆناغەکانی (یەکەم ،دووەم ، سێیەمی )خوێندنی بنەڕەتی لە قوتابخانەکان لە خۆدەگرێت.

## 2- چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەو توێژینەوەکانی پیشوو:

### 2-1-1گرنگی پرۆگرامی کارامەی و بەها کۆمەڵاییەتیەکان:

یەکێک لە پاڵنەرەکانی گۆڕان بە ئاراستەی فێربوون لەسەربنەمای کارامەییەکان درکپێکردنی وولاتان بوو بە گرینگی بەرهەمهێنانی تاکێکی داهێنەر و کارا و بەرپرسیارەکە گونجاووبێت لەگەڵ داواکاریەکانی ئەم سەردەمەدا بەتایبەت دوای ئەوەی ڕێکخراوی (ینسکۆ) بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی ئابووری و گەشەپێدان و چەندین ڕێکخراویتر ئاماژەیانکرد بۆ جیاوازی کارامەییە داواکراوەکانی تاک لەسەردەمی ژمارەیی بەبەراورد بە سەدەمی پیشەسازی، سەردەمی تەکنەلۆژی پێویستی بە تاکێکی خاوەن کارامەیی جیاوازە، وە لێهاتووبێت لە

ئەنجامدانی کارەکانی و پر زانست و زانیاری بێت وە تاکێکی داهێنەرو بەرهەمهێنبێت (مركز التميز فی التعليم والتعلم، 2018).

بوونی تاکیکی کارامەو خاوەن بەهای کۆمەڵایەتی بونەتە یەکێک لە داواکاریەکانی کۆمەڵگا و سەردەمی تەکنەلۆژیا ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ جێکردنەوەی بابەتێکی ئەوتۆ لە پرۆگرامەکاندا و خوێندنی لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن دا. لێرەدا گرنگی بابەتی کارامەی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لەچەندخاڵێک دەخەینەروو

1. فێرخواز ڕادەهێنێت لە سەر ئەنجامدانی کۆمەڵێک کارامەی پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەی وەک دروستکردنی پەیوەندی زارەکی و نازارەکی لە گەڵ هاوڕێکانی و متمانەبوون بەخودی خۆی و توانایی بڕیاردان و گوزارشتکردن لە بیروبۆچونەکانی بەشێوەی دروست .
2. فێرخواز لێهاتوودەکات لە هاوسۆزی بوون لەڕێگای ئاراستەکردنیان بۆ ڕێزگرتن لە کەسایەتی و بیروبۆچونی کەسانی دەوروبەر و دورکەوتنەوە لە شەرو بێزارکردن (وافي، 2010).
3. دروستکردنی هاوڵاتیەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر لەڕێگای ناساندنی کلتورو شارستانیەتی و پیرۆزیەکانی نیشتمان .
4. گەشەپێدانی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان چارەسەرێکی گونجاو کاریگەرە بۆ ئەو فێرخوازانەی ڕوبەڕووی گرفت دەبنەوە لە قوتابخانەو دەرەوەی قوتابخانەدا، لە چۆنیەتی ڕەفتارکردن لە ناوکۆمەڵگادا وەک شەرمکردن، ترس، دوودڵی و ڕاڕای لەبڕیاردان یاخود لاوازی لە دەستکەوتی فێربوون ولاوازی لە ئەنجامدانی کارەکانی ڕۆژانەیان. (الدخيلالله، 2014، صفحة 25)
5. یارمەتی فێرخوازدەدات لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکانی (توندوتیژی، پاراستنی پاکوخاوێنی جەستەی وژینگەیی، خۆپاراستن)، لە چوارچێوەی دیاریکردنی پێوەرێک بۆدەستنیشانکردنی کاری دروست ونادورست.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-1-2 پێویستیەکانی گوتنەوەی پرۆگرامی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان**

گوتنەوەی ئەم پرۆگرامەی خوێندن کۆمەڵی داواکاریی پێویست لەخۆی دەگرێت کە ڕۆڵیان هەیە لە سەرخستنی پرۆسەی گوتنەوەی بابەتەکانی وانەکە کە لەخوارەوە ئاماژەیان بۆکراوە ئەوانیش:

1. پرۆگرامی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان پشت بەستوە بە پرۆگرامی یەکەکان، کەئاماژەیە بۆ ڕێکخستنی یەکەکان لە چوارچێوەی بابەتی خوێندن کەتیایدا فێرخواز لە ژینگەی فێربوندا سەرنجی ڕادەکێشرێت بۆ کۆمەڵی زانیاری و چالاکی هەمەڕەنگ و گونجاو، کە تیایدا ڕەچاوی جیاوازی تاکی نێوان فێرخوازان دەکات، لەرێگایی ئەم یەکانەوە فێرخواز کۆمەڵێک شارەزایی و زانیاری و کارامەیی و دابونەریت و ئاراستە و بەها فێردەبێت (أبولبن، 2011) ، شێوازی گووتنەوەی ئەم پرۆگرامە تەواو جیاوازە لەگەڵ گوتنەوەی پرۆگرامەکانی تری خوێندن کە پشت بەستوون بە جۆری{ لێکجیاکراوە، پەیوەست) ,پێویستە مامۆستا لێهاتوو و شارەزابێت و خاوەن زانیاری و کارامەیی هەمەجۆربێت بۆ ئەوەی بتوانێت چالاکیە داواکراوەکان و ئامانجی یەکەکان بەباشی بهێنێتەدی، بێگومان پرۆگرامێکی تازەی لەم جۆرە و ڕێکخستنی بەشێوازی یەکەکان ئاستەنگ لەبەردەم گوتنەوەی دروست دەبێت.
2. مامۆستا هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردنە ڕۆلی گرنگی هەیە لەگوتنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن، پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان یەکێکە لە پرۆگرامە پێشکەوتوەکان کە تیایدا ڕۆڵی مامۆستا لە گواستنەوەی زانیاری و شارەزاییەکان گۆڕیوە بۆ ئاراستەکارو ڕێنمایکار، بێگومان ئەم گۆڕانکاریە بنەڕەتیە لە ئەرک و بەرپرسیارییەتیدا پێویستی بە زیادکردنی ئاگایی مامۆستایە لە بواری پەرەپێدان بە تواناو لێهاتویەکانی لە وانەگوتنەوە وداهێنانی بەردەوام لە شێوازو ڕێگاکانی وانەگوتنەوە و دیزاینکردنی ئامرازو هۆکارە جیاوازەکانی فێرکردن، یەکێک لە هۆکارەکانی زیادبونی لێهاتووی مامۆستا ئارەزوویەتی بۆ خوێندنەوە و فێربوونی بەردەوام بۆ باشترکردنی کرداری بیرکردنەوە و پاراستن و زیادکردنی لێهاتویەکانی لە ئاستی باڵادا (صابر، 2018) , هەروەها ڕاهێنانی بەردەوامی مامۆستایان لەبوارەکانی گوتنەوەوی کارا، و تێگەیشتن لە قۆناغەکانی

گەشەکردنی فێرخوازان، یەکێکی ترن لە پێویستنیەکانی گوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان .

3. ئامادەباشی فێرخواز بۆ فێربوون یەکێکە لە بنچینەکانی فێرکردن (سبيتان، 2014)، ئامادەسازی فێرخواز لە ڕووی گەشەکردنی (ژیری ، جەستەیی، کۆمەڵایەتی) فاکتەری کاریگەرە لە سەرفێربوون و ئەنجامدانی کاروچالاکیە داواکراوەکان لە فێرخوازدا، هەرچەندە قۆناغی بنەڕەتی قۆناغێکی گونجاوە بۆ فێربوون و ڕاهێنان لەسەر بەدەستهێنانی کارامەیی پەیوەست بە تایبەتمەندی کەسی کە بەدرێژایی ژیانی سودی لێدەبینێت، یەکێک لەوانەش ڕەفتارو بەها کۆمەڵایەتیەکانن ( (الساعدي، 2020) , لەگەڵ ئەمەشدا نەبوونی ئامادەسازی لەم قۆناغەدا ئاستەنگ دروست دەکات لە گوتنەوەی بابەتەکانی پرۆگرام بەتایبەت لاوازی لە دەربڕین و گوزارشتکردنی بیرۆکەکانیان و ئەنجامدانی چالاکیەکانی ناوپۆل .

4 . وانەگوتنەوە پرۆسەی پەیوەندی نێوان مامۆستاو فێرخوازە ئەم پەیوەندیەش لە پێناوگەیاندنی پەیامی دیاریکراوی مامۆستایە بۆ فێرخواز (المسعودی، الجبوری، و الجبوري، 2015)، ڕێگاکانی وانەگوتنەوە ئامرازی ئەم پەیوەندیەن کە کۆمەڵێ ڕێکاری و چالاکین کە مامۆستا پێی هەڵدەستێت بۆ گەیاندنی زانیاریەکانی پرۆگرامی خوێندن بە فێرخوازان، بەکارهێنانی ڕێگا نوێکانی وانەگوتنەوە کە جەخت لە ڕۆلی فێرخواز دەکەنەوە لە پرۆسەی فێربووندا، دەستەبەری فێربوونی کارادەکەن ، شارەزابوونی مامۆستا لە ڕێکاریەکانی وانەگوتنەوەی وەک ( دیاریکردنی ئامانج و پلاندانان، خستنەری بابەت و هەڵسەنگاندنی فێرخوازان)، هەروەها لێهاتوی لەبەکارهێنانی ڕێگاکانی وانەگوتنەوە ئامرازەکانی فێرکردن و بەڕێوەبردنی پۆل کاریگەری دیاریان هەیە لە پرۆسەی وانەگوتنەوەی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن.

4. کۆششی هاوبەش بۆ باشترکردنی پرۆگرامی خوێندن و وانەگوتنەوە ڕەنگە بەشێک لە کێشەکانی وانەگوتنەوە چارەبکەن بەڵام تەنها باشکردنی کوالێتی وانەگوتنەوە بەس نیە بەڵکو پێویستی بە لایەنی کارگێری کاراوچالاکە، وەکرداری باوەرهێنانی خەڵکە بە پابەندبوون بەکارەکانیان و ئەنجامدانی بە کوالێتیەکی بەرز (سولو، 2010). ژینگەی فێرکردن پێکهاتوە لە گۆڕاوی فیزیایی و دەرونی کۆمەڵایەتی، گۆڕاوی فیزیایی ژمارەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فێرخوازان لە پۆل و شێوازی دانیشتنیان ، ڕەنگ و ڕوناکی ناوپۆل لە خۆدەگرێت هەروەها گۆڕاوی دەروونی کۆمەڵایەتی کارلێکی نێوان مامۆستاو فێرخوازو فێرخوازان لە نێوان خۆیان و چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری پێکەوەیی دەگرێتەوە (درويش، 2023). بوونی هەماهەنگی لەنێوان بەڕێوبەری قوتابخانەو مامۆستا لەڕووی کارگێری وکارکردن بۆڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو بۆگوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان یەکێکن لە پێویستیەکانی گوتنەوەی ئەم بابەتە.

## 2-2 توێژینەوەکانی پێشوو

### 1_ (علی، 2017)

ئاستەنگەکانی گوتنەوەی بابەتی زانستەکۆمەڵایەتیەکان لە قۆناغی ناوەندی لەڕوانگەی مامۆستا و سەرپەرشتیارانەوە لە نجران / سعوديە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی گرفتەکانی گوتنەوەی بابەتی زانستەکۆمەڵایەتیەکان لە وڵاتی سعودیە لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە، ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی ڕاپێووی بەکارهێناوە ، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری ڕاپرسییەکە (5) تەوەری لەخۆگرتوە، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی بابەتی زانستەکۆمەڵایەتیەکانی شاری نجران/ سعودیە لەخۆدەگرێت، ئامرازی توێژینەوە دابەشکراوە بەسەر نمونەی توێژینەوە کە (123)مامۆستاو (12) سەرپەرشتیاریە، لەئەنجامدا دەرکەوتوە (18) کێشەی دیارهەن لە ڕوانگەی مامۆستایان و(29) کێشە لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە بوونیان هەیە، هەروەها دەرکەوتوە کە گۆڕاوەکانی (ڕەگەز شارەزای )جیاوازییەکی دیاری نەبوە لە وەڵامدانەوەی نموونەی توێژینەوەکەدا.

### 2_ (تركي و بخيت، 2019)

ئاستەنگەکانی گوتنەوەی پەروەردەی هونەر لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری بغداد/عیراق ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئاستەنگەکانی گوتنەوەی پەروەردەی هونەرە لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری بغداد لە ڕوانگەی مامۆستا و سەرپەرشتیارانەوە، توێژەر

ڕێبازی ڕاپێوی پەیرەوکردوە، بۆ هێنانەدی ئامانجی توێژینەوە توێژەر فۆرمی ڕاوەرگرتنی ئامادەکردوە کە لە (4) تەوەر پێکهاتووە، نموونەی توێژینەوە پێکهاتوە لە (80) کەس کە (65)مامۆستا و (15) سەرپەرشتیاری لەخۆگرتووە، دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هەریەک لە ئاستەنگی تایبەت بە مامۆستا و ئاستەنگی مادەیی و کۆمەڵایەتی لە ڕیزبەندی یەکەمی گرفتەکانی گوتنەوەی ئەم بابەتەی خوێندنن، هەروەها گۆڕاوەکانی ( شارەزای ،ڕەگەز ،ئاستی زانستی) کاریگەری ئەوتوی نەبوە لە سەرجیاوازی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە.

**3_ (صادق و محمود، 2023)**

کێشەکانی وانە ووتنەوەی بابەتی کۆمەڵایەتی / مێژوو لەپۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا لە پەروەردەی دەشتی هەولێر

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی کێشەکانی وانە ووتنەوەی بابەتی کۆمەڵایەتی / مێژوو لەپۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایاندا لە پەروەردەی دەشتی هەولێر، لەم توێژینەوەدا توێژەر ڕێبازی ڕاپێوی بەکارهێناوە، فۆرمی ڕاپرسی ئامادەکردوە کە پێکهاتوە لە(5) تەوەر .نموونەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە (137) مامۆستا، لە ئەنجامدا دەرکەوتوە ئەم کێشانەی پەیوەستن بە ڕێگاکانی وانەگوتنەوە و پرۆگرام و پەرتوکی خوێندن لە پێشەنگی کێشەکانی گوتنەوەی بابەتی کۆمەڵایەتین ، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتوە گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز وساڵانی خزمەت) کاریگەریی ئەوتۆیان نەبووە لەسەر جیاوازی بۆچوونی مامۆستایان لە دیاریکردنی کێشەکاندا .

**3-2 سەرنجی توێژەران دەربارەی توێژینەوەکانی پێشوو:**

هەریەک لەم توێژینەوانەی کەخراونەتەڕوو لەرووی ئامانج و ڕێبازی توێژینەوە ، چۆنیەتی هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە ورێکارییەکانی ئەنجامدانی لایەنی ئاماری هاوشێوەن لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا، بەڵام هەڵبژاردنی بابەتی کارامەی و بەها کۆمەڵایەتیەکان ولێکۆلینەوەکردن دەربارەی دەستنیشانکردنی گرفتی گوتنەوەی لە بازنەی یەکەمی خوێندنی بنەڕەتی جیاوازە لەگەڵ توێژینەوەکانی تر هەروەها کۆمەڵگای ئەم توێژینەوە یە پێکهاتوە لە

مامۆستایانی پەروەردەی ناوەندی شاری هەولێر، هەروەها لە ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوە خاڵێکی تری جیاوازی ئەم توێژینەوەیە کە پێکهاتوە لە (5)تەوەر ئەوانیش(ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، مامۆستا، فێرخواز، پرۆگرامی خوێندن، کارگێری و ژینگەی فێرکردن)، هەوڵدراوە تەواوی کێشەکانی گوتنەوەی ئەم بابەتە لەخۆبگرێت.

## 3-- ڕێکارییەکانی توێژینەوە:

### 3- 1ڕێبازی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی ڕاپێوی (وصفي) پەیرەوکراوە، چونکە یەکێکە لەم ڕێبازانەی توێژینەوە کە گونجاوە لەگەڵ سروشتی بابەتەکە، ئامانجی ئەم ڕێبازە تەنها دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە نیە بەڵکو هەڵدەستێ بە شرۆڤەکردن و شیکردنەوە لەڕێگای کۆکردنەوەی زانیاری و داتا و شیکردنەوەو بەراوردکردنی بۆ گەشتن بە دەرئەنجامەکان و وەصفکردنی دیاردەکە و وەڵامدانەوەی پرسیاری توێژینەوەکە بێ ئەوەی توێژەر لایەنگیری تێدابکات (دالین، 1994).

### 2-3 کۆمەڵگای توێژینەوەو نموونەکەی:

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەی بریتیە لە مامۆستایانی بابەتی کارامەیی و بەهاکۆمەڵاییەتیەکانی بازنەی یەکەمی خوێندن لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانی سنوری پەروەردەی ناوەندی شاری هەولێر بۆ ساڵی خویندنی (2024/2023)، کە پێکهاتوون لە مامۆستایانی (209) قوتابخانەی بنەڕەتی، کە کۆی ئەم مامۆستایانە بریتیە لە (470) مامۆستا (152) لە ڕەگەزی نێرن وە (318) لە ڕەگەزی مێن .

لە پێناو جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە و گشتاندنی بەسەر کۆمەڵگای توێژینەوە، نمونەیەک دیاریکراوە کە (20،2% ) کۆمەلگای توێژینەوەکە پێکدەهێنێت، کە بریتیە لە (95)مامۆستا، بەشێوەی هەڕەمەکی دیاریکراون (37) لەرەگەزی نێرن ، (58) لەرەگەزی مێین،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-3 هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوە :**

1.گەڕان ودۆزینەوەی ئەو توێژینەوە و سەرچاوانەی پەیوەستن بە کێشەو گرفتەکانی وانەگوتنەوەی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن .

2. پرسیارکردن و چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستای کارامەی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان دەربارەی سروشتی ئاستەنگەکانی گوتنەوەی بابەتی پرۆگرامی خوێندن.

3. ئامادەکردنی فۆرمێکی ڕاوەرگرتن کە ئاستەنگەکانی گوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکانی لە خۆگرتوە بەشێوەیەکی سەرەتایی کە لە (5) تەوەری سەرەکی پێکهاتووە.

4. بۆدیاریکردنی ڕاستی ئامڕازی توێژینەوە ڕاستی ڕوکەش بەکارهێندراوە ئامرازی توێژینەوە خراوەتەبەردەست  ژمارەیەک لەشارەزایان و پسپۆرانی بواری پەروەردەو ڕێگاکانی وانەگوتنەوە کە پێکهاتبوون لە (13) پسپۆر، پاشکۆی ژمارە (1)، بەمەبەستی وەرگرتنی بۆچوونیان دەربارەی ئاستی گونجاوی تەوەرو بڕگەکان و ئاستی دروستی بڕگەکان لەڕووی ناوەڕۆک و زمانەوانیەوە، ڕێژەی ڕازی بوونی شارەزایان لە گونجانی تەوەروبرگەکان (90%) بووە ئەمەش بەئاستی پەسندکراوە دیاریدەکرێت، چونکە ڕێژەی ڕێکەوتنی شارەزایان لە (80%) زیاتربێت ئەوە بە پەسندکراودادەندرێت (السعدي و الطائي، 2011)

5. بۆ دیاریکردنی  ئاستی جێگیری  ئامرازی توێژینەوە، فۆرمی ڕاوەرگرتن جێبەجێ کراوە لەسەر (20) مامۆستا وەک نمونەی ئیستتلاحی، وە لەڕێگای کەرتکردنی نیوە (سپێرمان-براون) ئاستی جێگیری فۆرمی ڕاوەرگرتن دیاریکراوە لە خشتەی ژمارە(1)خراوەتەروو.

خشتەی ژمارە(1)خستنەرووی جێگیری پێوەربەڕێگای کەرتکردنی نیوە

| پێوەر | ژمارەی نموونە | ژمارەی برگەکانی پیوەر | سپیرمان براون | جێتمان |
|---|---|---|---|---|
| ئاستەنگەکان | 20 | 40 | 0، 874 | 0 ، 846 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەخشتەی ژمارە(1) دەردەکەوێت نمرەی هاوکۆلکەی کەرتکردنی نیوەی بریتیە لە (0، 874)، هەروەها هاوکۆلکەی جێتمان کە بریتیە لە (0، 846 ). ئەمەش بەهایەکی گونجاوە و ڕادەی جێگیری ئامرازی توێژینەوە دەردەخات.

6.دوای تەواوبوونی ڕێکاریەکانی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوە، فۆرمی ڕاپرسی پێکهاتوە لە (5) تەوەری سەرەکی ،کۆی گشتی (40) بڕگەیە، بۆ هەر بڕگەیەک (5) بژاردە دیاریکراوە (زۆر ڕازیم ، ڕازیم ، بێلایەنم ، ڕازینیم ، هیچ ڕازینیم) ، لە دانانی بژاردەی بڕگەکان پێوەری (لیکارت) بەکارهێندراوە.

### 4-3 لایەنی ئاماری بەکارهاتوو:

1. تاقیکردنەوەی کەرتکردنی نیوە(سپیرمان -براون)بۆ دیاریکردنی جێگیری ئامرازی توێژینەوە، بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان (Spss).
2. دیاریکردنی ناوەندی ژمێرەی ولادانی پێوەری و رێژەی لەگەڵبوونی برگەی تەوەرەکان.
3.دیاریکردنی ئاستی هاورابوون لە هەریەک لەتەوەرەکانی ئامرازی توێژینەوە، لەرێگای بەکارهێنانی ناوەندی ژمێرەی دڵنیای (پێوەری لیکارت).
4. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T-test) بۆنموونەی سەربەخۆ، بۆ دیاریکردنی کاریگەری گۆڕاوەکانی (ڕەگەز- ساڵانی خزمەت) لە جیاوازی وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆدیاریکردنی ئاستەنگەکان، بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (Spss).

## 4 - خستنەروی ئەنجامەکان وشرۆڤەکردنیان:

### 1-4 خستنەروی پرسیاری یەکەم (ئەم ئاستەنگانە چین کەمامۆستا روبەرووی دەبێتەوە لە گوتنەوەی کارامەیی و بەهای کۆمەڵایەتیەکان لەبازنەی یەکەمی خوێندن دا؟)

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە هەریەک لە ناوەندی ژمێرەی ولادانی پێوەری ئاستی هاورابوون بۆ وەڵامی نمونەی تویژینەوە بۆ هەریەک لە تەوەرەکان بەگشتی و برگەکان دیاریکراوە، وەک لەخشتەی ژمارە (2) دەردەکەوێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (2) ئاستەنگەکانی وانەگوتنەوەی کارامەیی و بەها کۆمەڵاییەتیەکان

| ژ | تەوەرەکان | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | ئاستی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاستەنگەکانی پەیوەست بەرێگاکانی وانەگووتنەوە | 3،36 | 1 ، 87 | بەرز |
| 2 | ئاستەنگەکانی پەیوەست بە مامۆستا | 4 ،01 | 0 ، 83 | بەرز |
| 3 | ئاستەنگەکانی پەیوەست بە فێرخواز | 3،37 | 1 ، 86 | بەرز |
| 4 | ئاستەنگەکانی پەیوەست بەپرۆگرامی خوێندن | 3 ،07 | 1 ، 03 | ناوەند |
| 5 | ئاستەنگەکانی پەیوەست بەکارگێری ژینگەی فێرکردن | 3، 5 | 1 ،08 | ناوەند |

لەم خشتەی ژمارە(2) دەردەکەوێت کە هەریەک لە تەوەرەکانی ئاستەنگی پەیوەست بە (رێگاکانی وانەگوتنەوە و مامۆستا و فێرخواز )، جیاوازیەکی کەم هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی وەڵامی نمونەی تویژینەوە بۆ هەر یەک لەم تەوەرانە وە ئاستی هاوڕابوون تیایدا بەرزە، هەر چەندە تەوەری ئاستەنگەکانی پەیوەست بە مامۆستا لە پێشەنگی گرفتەکان دایە، ئەم ئەنجامەش لە ئەنجامی توێژینەوەی (ترکي و بخيت 2019)، نزیکە، لەگەل ئەمەشدا تەوەرەکانی ئاستەنگی پەیوەست بە (بەپرۆگرامی خوێندن ،کارگێری ژینگەی فێرکردن)، ئاستی هاوڕابوون تیایدا ناوەندە و ناوەندی ژمێرەی برگەکانی لە نیوان (5 ،3 - 07، 3) دایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-1-4 خستنەرووی ئەنجامی تەوەری یەکەم ، ئاستەنگەکانی پەیوەست بە رێگاکانی وانەگوتنەوە:**ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری وریێژەی سەدی لەگەلبوون بۆ هەریەک لە برگەکانی پەیوەست بە رێگاکانی وانە گوتنەوە لە خشتەی ژمارە (3) خراوەتە روو

خشتەی ژمارە (3) خستنەروووی بۆچوونی مامۆستایان دەربارەی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە ( رێگاکانی وانەگووتنەوە)

| ژ | برگەکان | ناوەندی ژمێریی | لادانی پیوانەی | ریز بەندی | رێژەی لەگەل بوون |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نەبونی زانیاری پێویست دەربارەی رێگاکانی وانەگوتنەوە. | 3 ,54 | 0 ، 90 | 9 | % 58 ,5 |
| 2 | نەبونی شارەزایی لە دانانی پلانی وانەگوتنەوە( رۆژانە ، وەرزی ، ساڵانە) | 3 ,16 | 1 ,11 | 10 | %46 ,25 |
| 3 | لاوازی لە بەرێوەبردنی پۆل، ئاستەنگە بۆ گوتنەوەیەکی دروست بۆ بابەتی وانەکە. | 3 ,58 | 0 ,99 | 7 | % 62 |
| 4 | نەبونی سەرچاوەوپەرتوکی تایبەت بە چۆنیەتی گوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵاییەتیەکان. | 4 ,20 | 0 ,70 | 1 | % 88 ,5 |
| 5 | بەکارنەهێنانی ستراتیژییەتی فێربوونی چالاک لە قوناغی بنەڕەتی . | 3 ,76 | 0 ,74 | 5 | % 68 ,75 |
| 6 | بەکارنەهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن لە پۆل دا. | 3 ,56 | 0 ,83 | 8 | % 58 ,5 |
| 7 | بەژدارنەبوونی فێرخواز لە چالاکییەکانی ناوپۆل. | 3 ,66 | 0 ,91 | 6 | % 67 ,25 |
| 8 | نەبونی زانیاری دەربارەی ئەم رێگایانەی وانەگوتنەوە کە گەشەبە بیرکردنەوەی ئاست بەرزدەدانە. | 3 ,92 | 0 ,72 | 4 | % 75 ,05 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 9 | بونی گرفت لەچۆنیەتی هەڵسەنگاندنی فێرخوازان لەبواری هزری و کارامەیی. | 4 ،02 | 0 ،58 | 3 | % 84 ،25 |
| 10 | لێهاتوونەبوون لە دیزاینکردنی چالاکی فێرکاری. | 4 ،16 | 0 ، 68 | 2 | % 88 |

وەک لە خشتەی (3)دەردەکەویت هەریەک لە برگەکانی چوارەم (نەبونی سەرچاوەو پەرتوکی تایبەت بە چۆنیەتی گوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵاییەتیەکان) وە برگەی دەیەم (لێهاتوونەبوون لە دیزاینکردنی چالاکی فێرکاری)وە برگەی نۆیەم (بونی گرفت لەچۆنیەتی هەڵسەنگاندنی فێرخوازان لەبواری هزری و کارامەیی) لە پێشەنگی ئەم ئاستەنگەکانەن کە پەیوەستە بە ڕێگاکانی وانە گوتنەوە کە ناوەندی ژمێرییان لەنێوان (2. ،4 – 2. ،4) زیاتر لە (80 %) نموونەی توێژینەوە هاوران لە بوونی ئەم ئاستەنگانە. هۆکاری ئەم ئاستەنگانە نەبوونی سەرچاوە و پەرتووک وڕێنماییە بۆ گوتنەوەی بابەتی وانەکە، هەروەها بەرێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە پێوەری هەڵسەنگاندنیان دیارینەکردوەکە مامۆستا جێبەجێ بکات. هەروەها برگەکانی یەکەم ریزبەندی کۆتایی ئاستەنگی پەیوەست بە ڕێگاکانی وانەگوتنەوەیان گرتوە کە ناوەندی ژمێرییان لەنێوان (16، 3 ) ،ڕێژەی لەگەڵ بوون تیایدا لەنێوان (25، 46%)، دەردەکەوێت ئەم برگە ئاستەنگ نیە بۆ مامۆستایان لەگوتنەوەی بابەتی کارامەیی وبەها کۆمەڵاییەتیەکان.

**2-1-4 خستنەرووی ئەنجامی تەوەری دووەم ، ئاستەنگەکانی پەیوەست بە مامۆستا:**

ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری وڕێژەی سەدی لەگەلبوون بۆ هەریەک لە برگەکانی پەیوەست بە مامۆستا لە خشتەی ژمارە (4) خراوەتە روو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (4) خستنەڕووی بۆچوونی مامۆستایان دەربارەی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە ( مامۆستا)

| ژ | برگەکان | ناوەندی ژمێریی | لادانی پیوانەی | ریزبەندی | ڕێژەی لەگەل بوون |
|---|---|---|---|---|---|
| | شارەزانەبوونی مامۆستایان لە چۆنیەتی گوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵاییەتیەکان. | 3 ،24 | 1 ،06 | 10 | % 44 |
| 2 | کەمی کردنەوەی خولەکانی پەرەپێدانی تواناکان بۆ گوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان. | 4 ،26 | 0 ،77 | 4 | % 80 |
| 3 | گوتنەوەی ئەم بابەتە لە لایەن مامۆستایانی پسپۆری جیاواز. | 4 ،56 | 0 ،57 | 2 | % 90 ،5 |
| 4 | هەمە جۆری لە ئاستی خوێندنی(بروانامە) مامۆستایانی قۆناغی بنەرەتی . | 4 ،30 | 0 ،64 | 3 | % 87 ،25 |
| 5 | نەبوونی خۆشەویستی پیشەی لەلایەن بەشێک لە مامۆستایانەوە. | 3 ،90 | 0 ،97 | 6 | ،5 % 76 |
| 6 | نەبونی هەماهەنگی لەنێوان مامۆستایانی ئەم پسپۆریە بۆ کاراکردنی تواناکانیان . | 3 ،80 | 0 ،88 | 7 | % 70 |
| 7 | نەبونی هۆشیاری دەربارەی گرنگی بابەتی وانەکە بۆ ژیانی فێرخوازان | 3 ،64 | 1 ،04 | 8 | % 68 ،5 |
| 8 | کەمتەرخەمی مامۆستالە جێبەجێکردنی ئەرک و بەرپرسیارییەتی وانەگوتنەوە. | 3 ،56 | 0 ،10 | 9 | % 58 |
| 9 | کەمتەرخەمی مامۆستایان لە گەڕان بەدوای سەرچاوەو زانیاری نوێی تایبەت بە پسپۆریەکەیان. | 4 ،16 | 0 ،71 | 5 | % 85، 25 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 10 | بارودۆخی دارایی کاریگەری هەیە لە پاشەکشەی مامۆستا لە کارەکەییدا. | 4 ،74 | 0،44 | 1 | 95 ، 5 % |

وەک لە خشتەی ژمارە (4) دەردەکەوێت کە برگەی دەیەم (بارودۆخی دارایی کاریگەری هەیە لە پاشەکشەی مامۆستا لە کارەکەییدا) وە برگەی سێیەم (گووتنەوەی ئەم بابەتە لە لایەن مامۆستایانی پسپۆری جیاواز) وە برگەی چوارەم(هەمە جۆری لە ئاستی خوێندنی(بروانامە) مامۆستایانی قۆناغی بنەرەتی ) لە ریزبەندی یەکەمی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە مامۆستان ،کە ناوەندی ژمێرەی نمونەی توێژینەوە تیایدا لەنیوان (74، 4- 30، 4) وە رێژەی لەگەڵبوون تیایدا لەنێوان (5 ، 95 % - 25، 87 %)، پێشەنگی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە مامۆستایانن، هۆکاری ئەم ئاستەنگانە بوونی گرفت لە پێدانی مووچەو شایستە داراییەکان لەکاتی خۆی دا، دیارینەکردنی  پسپۆری تایبەت بۆ گوتنەوەی ئەم بابەتەی پرۆگرامی خوێندن. هەروەها هەریەک لە برگەی یەکەم کە ناوەندی ژمێرەی (24، 3)، وە رێژەی هاورابوون بریتیە لە (44 %)، ئەم برگەکەمترین رێژەی هاورابوونی نموونەی توێژینەوە لە سەر ئەم تەوەرە دەردەخات، لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەم برگەیەکەمتر ئاستەنگن بۆ مامۆستایان.

**3-1-4 خستنەرووی ئەنجامی تەوەری سێیەم ، ئاستەنگەکانی پەیوەست بە فێرخوازان:**

ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری ورێژەی سەدی لەگەلبوون بۆ هەریەک لە برگەکانی پەیوەست بە فێرخوازان لە خشتەی ژمارە (5) خراوەتە روو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (5) خستنەرووی بۆچوونی مامۆستایان دەربارەی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە (فیرخوازان)

| ڕێژەی لەگەل بوون | ریزبەندی | لادانی پیوانەی | ناوەندی ژمێریی | برگەکان | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| % 58 | 8 | 0 ,95 | 3 ,54 | نەبوونی پاڵنەری فێربوون لای فێرخوازان لە بابەتی کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتیەکان. | 1 |
| % 60،5 | 7 | 0 ,94 | 3 ,62 | فێرخواز شارەزایی نیە لە چۆنیەتی ئەنجامدانی گفتوگۆکردن لە پۆلدا. | 2 |
| % 86،25 | 3 | 0 ,84 | 4 ,02 | خێزان هاوکاری فێرخوازنیە لە ئەنجامدانی چالاکی وخوێندنی بابەتی وانەکان، بە بابەتێکی لاوەکی و بێ بەها سەیری دەکەن . | 3 |
| % 56،5 | 10 | 0 ,95 | 3 ,44 | فێرخواز توانایی ئەنجامدان و شیکارکردنی چالاکیەکانی نیە لە ناوپۆلدا. | 4 |
| % 74،75 | 5 | 0 ,84 | 3 ,88 | نزمی ئاستی خوێندەواری لای فێرخوازان. | 5 |
| % 50،5 | 9 | 0 ,83 | 3 ,84 | پابەندنەبوونی فێرخواز بەیاساکانی ناو پۆل . | 6 |
| %82 | 2 | 0 ,98 | 4 ,08 | زۆری ژمارەی فێرخواز لە پۆلدا رێگرە لە بەژداری کردنیان لە چالاکیەکانی فێرکردن . | 7 |
| % 70،5 | 6 | 0 ,90 | 3 ,70 | گوێنەگرتن لە وانەکان و سەرقالبوون بەکاری لاوەکی لەپولدا . | 8 |
| % 80،75 | 1 | 0 ,58 | 4 ,16 | نەبوونی شارەزایی پێشوو (الخبرەالسابقە)بەهۆی کەمی تەمەن و ممارەسەیان لەژیان . | 9 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 10 | لاوازی لە توانایی گوزارشتکردنی بیرو بۆچونەکانی . | 3 ،96 | 0 ،96 | 4 | % 64،25 |

لەخشتەی ژمارە (5) دەردەکەوێت برگەی نۆیەم (نەبوونی شارەزایی پێشوو بەهۆی کەمی تەمەن و ممارەسەیان لەژیان )،برگەی حەوتەم( زۆری ژمارەی فێرخواز لە پۆلدا رێگرە لە بەژداری کردنیان لە چالاکیەکانی فێرکردن)، برگەی سێیەم (خێزان هاوکاری فێرخوازنیە لە ئەنجامدانی چالاکی وخوێندنی بابەتی وانەکان، بە بابەتێکی لاوەکی و بێ بەها سەیری دەکەن)، کە ناوەندی ژمێرەی لەنیوان(16، 4- 02، 4)، رێژەی لەگەڵبوون لەنێوان (80،75 %- 86،25 %)، ئەم برگانەی ئاماژەی بۆکرا لەرێزبەندی یەکەمی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە فێرخوازانن. هۆکاری ئەم کێشانە کەمی ژمارەی قوتابخانەکان و بچووکی تەمەنی فێرخوازانی بازنەی یەکەمی خوێندن، بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لەریزبەندی بابەتە سەرەکیەکانی خوێندن نیە ئەمەش وایکردوە لەلایەن خێزانی فێرخواز کەمترگرینگی پێبدرێت، هەروەها برگەی چوارەم ، ناوەندی ژمێرەی ل (44، 3 )، وەرێژەی لەگەڵ بوون (56،5 %)، ئەم برگانە کەمترین رێژەی هاورابوونی نموونە ی توێژینەوە لە سەر ئەم تەوەرەیە دەردەخات.

**4-1-4 خستنەرووی ئەنجامی تەوەری چوارەم ، ئاستەنگەکانی پەیوەست بەپرۆگرامی خوێندن**: ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری ورێژەی سەدی لەگەلبوون بۆ هەریەک لە برگەکانی پەیوەست بە پرۆگرامی خوێندن لە خشتەی ژمارە (6) خراوەتە روو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (6) خستنەڕوووی بۆچوونی مامۆستایان دەربارەی ئاستەنگەکانی پەیوەست پرۆگرامی خوێندن

| ژ | برگەکان | ناوەندی ژمێریی | لادانی پیوانەی | ریزبەندی | ڕێژەی لەگەل بوون |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەردەست نەبوونی پەرتوکی تایبەت بە ڕێنمایکردنی مامۆستا ( پەرتوکی مامۆستا) | 1 ،94 | 2 ،04 | 5 | %38 ،5 |
| 2 | ڕەچاوی نەکردنی تەمەن و قۆناغی خوێندن لە دیزاینکردنی بەشێک لە ڕاهێنان و چالاکیەکانی ناو پەرتوکی خوێندن. | 1 ،52 | 0 ،92 | 4 | % 48 ، 75 |
| 3 | دیاریکردنی کۆمەڵێک ئامانجی ڕەفتاری لە پرۆگرامی خوێندن ناتواندرێ بەدیبهێندرێت لە بازنەی یەکەمی خوێندن. | 3 ،78 | 0 ،86 | 2 | % 56 |
| 4 | زۆری بابەتەکانی پرۆگرامی خویندن و نەبوونی پەیوەندی و ڕێکخستن لەنێوانیان. | 3 ،70 | 0 ،99 | 3 | % 62، 25 |
| 5 | بونی کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی ئاڵۆز لە پرۆگرامی خویندن کە فێرخواز ئاسان تێیناگات. | 3 ،80 | 0 ،96 | 1 | % 66 |

لەخشتەی ژمارە (6) دەردەکەوێت کە برگەی پێنجەم (بونی کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی ئاڵۆز لە پرۆگرامی خویندن کە فێرخواز ئاسان تێیناگات.) هەروەها برگەی سێیەم(دیاریکردنی کۆمەڵێک ئامانجی ڕەفتاری لە پرۆگرامی خوێندن ناتواندرێ بەدیبهێندرێت لە بازنەی یەکەمی خوێندن) وە برگەی چوارەم(زۆری بابەتەکانی پرۆگرامی خویندن و نەبوونی پەیوەندی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێکخستن لەنێوانیان)، ناوەندی ژمێرەییان لەنێوان(80، 3-70، 3)، ڕێژەی لەگەڵ بوون لەنێوان(66 %- 25 ،62 %)، هەرچەندە ئەم ئاستەنگانە لە ئاستی ناوەندی دان هۆکارەکەی ڕەچاونەکردنی تەمەن و قۆناغی خویندنە لە دانانی پرۆگرامی خوێندن دا بەتایبەت لە دانانی ئامانجی ڕەفتاری و چالاکیەکانی نێو پەرتوکی خوێندن دا. هەروەها برگەی یەکەم ناوەندی ژمێرەی (94، 1) وە ڕێژەی لەگەڵبوون(5، 38%) لە ئاستیکی لاوازدایە، لێرەدا دەردەکەوێت کە بەردەست نەبوونی پەرتووکی مامۆستا بەشێک نیە لە ئاستەنگەکانی گوتنەوەی ئەم بابەتەی خوێندن.

**5-1-4 خستنەرووی ئەنجامی تەوەری پێنجەم، ئاستەنگەکانی پەیوەست بە کارگیری ژینگەی فیرکردن**: ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری ورێژەی سەدی لەگەلبوون بۆ هەریەک لە برگەکانی پەیوەست بە کارگیری ژینگەی فیرکردن لە خشتەی ژمارە (7) خراوەتە روو.

خشتەی ژمارە (7)، خستنەروووی بۆچوونی مامۆستایان دەربارەی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە کارگیری ژینگەی فیرکردن

| ژ | برگەکان | ناوەندی ژمێریی | لادانی پیوانەی | ریزب ندی | ڕێژەی لەگەل بوون |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پێدانی ئەرکی لاوەکی بە مامۆستایان لەلایەن کارگێری قوتابخانەکانەوە. | 3 ،46 | 1 ،03 | 4 | % 52 |
| 2 | لاوازی پەیوەندنی لەنێوان مامۆستایان دەربارەی ئالوگۆری زانیاری تایبەت بابەتی وانەکان. | 3 ،58 | 0 ،97 | 3 | % 62 |
| 3 | لاوازی پەیوەندی هاوبەش لە نێوان سەرپەرشتیار و کارگێری و مامۆستایان . | 3 ،78 | 1 ،09 | 2 | % 70 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 4 | نەبونی پسپۆری تایبەت بە گوتنەوەی کارامەی و بەها کۆمەڵاییەتیەکان. | 4 ،16 | 0 ،84 | 1 | ،25 %84 |
| 5 | کارگێری قوتابخانە رێگرە لەئەنجامدانی چالاکیەداواکراوەکانی خویندن لەدەرەوەی پۆل. | 2 ،80 | 0 ،06 | 5 | 28 ،5 % |

لە خشتەی ژمارە (7) دەردەکەوێت کە برگەی چوارەم(نەبونی پسپۆری تایبەت بە گوتنەوەی کارامەی و بەها کۆمەڵاییەتیەکان)، کە ناوەندی ژمێرەی (16، 4)، رێژەی لەگەڵ بوون (25، %84)، بەرزترین ناوەندی ژمێرەی هەیە لە تەواوی برگەکانی پەیوەست بەکارگێری و ژینگەی فێرکردن، هۆکارەکەی بۆنەبوونی پسپۆری دیاریکراوە لەگوتنەوەی بابەتی کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها برگەی پێنجەم  ناوەندی ژمێرەی(80، 2)وە رێژەی لەگەڵبوون (5، 28 %)، نزمترین ئاستی هەیە لە ریزبەندی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە کارگێری ژینگەی فێرکردن، لێرەدا دەردەکەوێت کە کارگێری قوتابخانەکان رێگرنین لە ئەنجامدانی چالاکیەکانی پەیوەست بە بابەتی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان.

### 2-4 خستنەڕووی پرسیاری دووەم:

بۆ وەڵام دانەوەی پرسیاری دووەم( ئایا گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەری هەیە لە سەر جیاوازی وەڵامی نمونەی توێژینەوە لە  دیاریکردنی ئاستەنگەکانی وانەگوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان ؟ ) ئەنجامی ناوەندی ژمیرەی و لادانی پێوانەیی و  تاقیکردنەوەی تائی(t-test)، نرخی ئەگەری بۆ ئاستەنگەکانی گوتنەوەی بابەتی کارامەی و بەهاکۆمەلایەتیەکان لەبازنەی یەکەمی خویندن بەپێی جیاوازی ڕەگەز(نێر ،مێ)، لەخشتەی ژمارە ( 8) ئەنجامەکان خراوەتەڕوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (8)، تاقیکردنەوەی تائی(t-test)، بۆ دیاریکردنی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز

| بابەت | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوانەی | t-test | نرخی ئەگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستەنگەکان | نێر | 37 | 3 ,65 | 0 ,88 | 0 ، 67 | 0 ، 49 |
| | مێ | 58 | 3 ,45 | 0، 86 | | |

لە خشتەی ژمارە (8)، دەردەکەوێت کە تاقیکردنەوەی (t-test) بریتیە لە (0 ، 67) وە نرخی ئەگەری (0 ، 49) ئەم نرخە گەورەترە لە نرخی کاریگەری کە لە ئاستی (0 ، 05)، لیرەدا بۆمان دەردەکەوێت جیاوازی ڕەگەزی مامۆستایان کاریگەری بەهاداری ئاماری نیە لە دیاریکرنی ئاستەنگەکانی وانە گوتنەوە کارامەیی و بەها کۆمەلایەتیەکان، هەروەها ناوەندنی ژمێرەی وەڵامی ڕەگەزی نێر بریتیە لە(3 ,65) کە (38) مامۆستا بوون ، هەروەها ڕەگەزی مێ بریتیە لە (58) مامۆستا وە ناوەندی ژمێرەی وەڵامەکانیان بریتیە لە (3 ,45)، ناوەندی ژمێرەی وەڵامەکانیان جیاوازیەکی زۆرکەمی هەیە، کەواتە هەردوو ڕەگەز ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان دەبنەوە لەگوتنەوەی ئەم بابەتەی پرۆگرامی خوێندن.

### 3-4 خستنەرووی پرسیاری سێیەم :

بۆ وەڵام دانەوەی پرسیاری سێیەم (ئایا گۆڕاوی ساڵانی خزمەت کاریگەری هەیە لەسەر جیاوازی وەڵامی نمونەی توێژینەوە دیاریکردنی ئاستەنگەکانی وانەگوتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان ؟) ئەنجامی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوانەیی و تاقیکردنەوەی تائی نرخی ئەگەری بۆ ئاستەنگەکانی گوتنەوەی بابەتی کارامەی و بەهاکۆمەلایەتیەکان لەبازنەی یەکەمی خویندن بەپێی جیاوازی لە ساڵانی خزمەت لەخشتەی ژمارە(9) ئەنجام خراوەتەرو:

خشتەی ژمارە(9) تاقیکردنەوەی تائی(t-test)، بۆ دیاریکردنی کاریگەری گۆڕاوی ساڵانی خزمەت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| بابەت | ساڵانی خزمەت | ژمارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوانەیی | t-test | نرخی ئەگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستەنگەکان | 1 -10 | 32 | 3 ،90 | 0 ،55 | 1 ، 53 - | 0 ، 002 |
| | > 10 | 63 | 3 ،50 | 0، 075 | | |

لە خشتەی ژمارە(9)، دەردەکەوێت کە ئەو مامۆستایانەی ساڵانی خزمەتیان لە (10) ساڵ کەمترە ژمارەیان(32) مامۆستایە ناوەندی ژمێرەی وەڵامەکانیان (90، 3 )، هەروەها ئەم مامۆستایانەی ساڵانی خزمەتیان سەروو (10) ساڵە ژمارەیان (63) مامۆستایە، ناوەندی ژمێرەی وەڵامەکانیان (50، 3)، نمرەی تاقیکردنەوەی (t-test) بریتیە لە (- 53 ، 1)، نرخی ئەگەری (002 ، 0) بچووکترە لە ئاستی کاریگەری (05، 0)، لێرەدا دەردەکەوێت کە ساڵانی خزمەت کاریگەری هەیە لەسەر جیاوازی بۆچوونی مامۆستایان لە دیاریکردنی ئاستەنگەکان، لە ژێر رۆشنایی ئەم ئەنجامە دەرکەوتوە کە مامۆستایانی خاوەن خزمەتی زیاتر لە (10) ساڵ کەمتر دووچاری ئەو ئاستەنگانە دەبنەوە لەگووتنەوەی بابەتی کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتیەکان.

## 5- دەرئەنجام وڕاسپاردەکان:

### 1-5 ئەنجامەکانی توێژینەوە:

1. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەویت کە کۆمەڵێک ئاستەنگ هەن لە گوتنەوەی بابەتی کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتیەکان دا، ئەم ئاستەنگانەی پەیوەستن بە مامۆستایان لە پێشەنگی گرفتەکانن هەریەک لە ئاستەنگەکانی تایبەت بە فێرخواز و ڕێگاکانی وانە گووتنەوە بە جیاوازیەکی کەم لە ناوەندی ژمێرەی لە ئاستی دووەم و سێیەمی ئاستەنگەکانی گوتنەوەی ئەم بابەتە لەبازنەی یەکەمی خوێندن دا.

2. جیاوازی رەگەزی مامۆستا کاریگەری نیە لەسەر جیاوازی بۆچوونی مامۆستایان لە دیاریکردنی ئاستەنگەکانی گووتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان لە بازنەی یەکەمی خویندن دا.
3. جیاوازی لە ساڵانی خزمەتی مامۆستایان کاریگەری هەیە لە لەسەر جیاوازی بۆچوونی مامۆستایان لە دیاریکردنی ئاستەنگەکانی گووتنەوەی بابەتی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان لە بازنەی یەکەمی خویندن دا، ئەم مامۆستایانەی خزمەتیان کەمترە لە (10)ساڵ ، زیاتر رووبەرووی ئاستەنگەکان دەبنەوە.

## 2-5 ڕاسپاردەکان

1. چارەسەرکردنی کێشەدارایەکانی مامۆستایان و پێدانی شایستەدارایەکان لە کاتی خۆی دا.
2. دیاریکردنی پسپۆڕی تایبەت بە گووتنەوەی بابەتی کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتیەکان لە قوتابخانەکان دا.
3. کردنەوەی خولەکانی پەرەپیدانی تواناکان و راهێنان لە لایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە بۆ مامۆستایانی ئەم بابەتە لە پێناو شارەزابونیان لە ڕێگاکانی وانە گوتنەوەو چۆنیەتی گوتنەوەی ئەم پرۆگرامە نوێیە.

- **توێژینەوەی پێشنیازکراو** بریتیە لە (ئاستەنگەکانی گوتنەوەی کارامەی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لە قۆناغی خوێندنی ئامادەی لە ڕوانگەی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەی ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەكان:

1. -بیگرد على صادق. بختيار سعيدمحمود (2023). كێشەكانی وانەووتنەوەی بابەتی كۆمەڵایەتی/مێژوو لە پۆلی نۆیەمی بنەرەتی لەڕوانگەی مامۆستایاندا. گۆڤاری *قەڵای زانست* ، 2518-6566 ،8 الصفحات 78-113.
2. أتن حموده حكيمه. (2018). أهميه المدرسه فى تنميهالقيم السلوكه لدى التلميذ ودورها في تعقيق توافقيهم الاجتماعيه.دار *العلوم الانسانيه والجتماعيه* .
3. -آنور محسين محمد. (2020). معوقات الاداء التدريسي التى تواجه معلمي المرحله الابتدائيه في ضوء المنهج الوطني الجديد(الكفايات )بدوله الكويت. *مجله كليه التربيه ، 44*.
4. -برهان محمود حمادنه. (2014). *التفكير الابداعي*. عمان: جدار الكتاب العلمي.
5. -بوت سولو. (2010). *تعزيزدافعيه الطالب حماس للتعليم*. (سعيد الخواجه، المترجمون) سعوديه: مكتبه التربيه لدول الخليج.
6. -حسن حيال محسن الساعدي. (2020). *بيداغوجيا التعليم الابتدائى(رويه المستقبليه و ديتاكتيک تعليميه)*. بابل، العراق: دار الصادق الثقافيه.
7. -حصه جافور المنصوري. (2001). المعلم وتحديات الافيه الثالثه. *افاق الاتربويه* ، 16.
8. -دخيل عبدالله الدخيلالله. (2014). *التعليم والتدريس المهارات الاجتماعيهوالقيم*. رياض، السعوديه: مكتبه العبكان.
9. -درويش حسن درويش. (2023). *التخطيط والتقويم في التعليم*. برلس، ألمانيا: مركز الديمقراتي العربي.
10. -ديوبلدفان دالين. (1994). *مناهج البحث في التربيه وعلم النفس*. (محمد نبيل نوفل، المترجمون) القاهره، مصر: الانجلو.
11. -رفاه عزيز كريم السعدي، و تغريد عبدالكاظم الطائي. (2011). الصعوبات التي تواجه تلامذه المرحله الابتدائيه في الحساب الذهني من وجهه نظرمعلميهم. *الفتح للبحوث التربويهوالنفسيه، 47*، 234-274.
12. -شاكر جاسم محمد. (2016). *الموارد الجتماعيه مناهجها و طرايق و آسالب تدريسها*. بغداد، عيراق: دار الضادق.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

13. -صفوان غازي الشريفي. (2004). اتجاهات مدرسي و مدرسات ماده التاريخ للصف الخامس الادبى نحوتدريس التاريخ و علاقتها بتحصيل طالباتهم فيها. *رساله دبلوم عالي ، غير منشور، جاميعه موصل* ، صفحة 20.
14. -عبدالرحمن جمعه وافي. (2010). تنميه مهارات الحياتيهو علاقتها بالذكاء المتعددلدى طلبه المرحله الثانويه في قطاع غزه. *رساله الماجستر/كليه التربيه* ، صفحة 41.
15. -عبير كامل على. (2017). معوقات تدريس مواد العلوم الاجتماعيه بلمرحله متوسطه من وجهه نظر معلميها ومشرفيها في نجران بالمملكه العربيه السعوديه. *دراسات عربيه في التربيه وعلم النفس ، 59* (2)، 263-284.
16. -عمادالدين الزغلول. (2003). *النظريات التعلم*. عمان، الاردن: دار الشروق.
17. -غسان فاضل تركي، و رنا بخيت. (2019). صعوبات التدريس التربيه الفنيه في المدارس الابتدائيهفي بغداد وسبلمواجهتها(دراسه وصفيه تحليله). *كليه التربيه الاساسيه ، 25* (105)، 247-262.
18. -فتحي ذياب سبيتان. (2014). *التدريس الفعال والمعلم الذى نرد*. الجنادريه.
19. -محمد حميد مهدى المسعودى، مشرق محمد الجبورى، و عارف حاتم هادى الجبوري. (2015). *المناهج وطرائق التدريس في ميزان التدريس*. عمان، الاردن: دار الرضوان.
20. -محمد سميع ممدوح صابر. (2018). *استراتيجيات علم النفس التربوى بين الواقع والمأمول* (المجلد 1). السعوديه: دار الجديد.
21. -مركز التميز فى التعليم والتعلم. (2018). *تجارب دوليه فى التعليم القائم على الكفايات*. جامعه الملك سعود.
22. -موسى اللوزي. (1999). *التطور التنظيمي آساسيات ومفاهيم حديثه*. عمان، الاردن: داروائل.
23. -وجيه المورسى أبولبن. (2011 ,6 30). *الوحدات الدراسيه*. تم الاسترداد من الموقع التربوي: http://kenanaonline.com/profile/edit
24. oumbis.a, S. (2015, 1 26). Distorted repvesentation of the copability in Australian school education. *Curriculum* , 24.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پاشکۆکان

پاشکۆی ژمارە(1) ناوی پسپۆران وشارەزایان کە بۆچووونیان وەرگیراوە لە دیاریکردنی راستی ئامرازی توێژینەوە

| ژ | ناوی سیانی | پسپۆری | شوینی کارکردن |
|---|---|---|---|
| 1. | پ.د.سۆلاف فائق محمد | ڕێگاکانی وانەگوتنەوە | زانکۆی سلێمانی/ک.پەروەردەی بنەرەت |
| 2. | پ.د. جبار احمد عبدالرحمن | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی کۆیە/ ف.زانستی وتەندورستی |
| 3. | پ.د. فرهاد علی مصطفی | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحددین |
| 4. | پ.ی.د.کریم احمد عزیز | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی گەرمیان/ ک.پەروەردەی بنەرەت |
| 5. | پ.ی.د.زەردەشت محمد رؤف | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلیمانی/ ک.پەروەردەی جەستەی و زانستە وەرزشیەکان |
| 6. | پ.ی.د.هەژار قادر ابراهیم | پێوانەو هەڵسەنگاندن | سەرۆکایەتی زانکۆی راپەرین |
| 7. | م.د.تانیا نورالدین صابر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەددین /ک.پەروەردەی بنەرەت |
| 8. | م.د.ئەردەلان لەتیف عەبدولقادر | فەلسەفەی پەروەردە | زانکۆی سەلاحەددین /ک. پەروەردەی بنەرەت |
| 9. | م.د. عثمان عبداللەحمدامین | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەددین/ک.پەروەردەی بنەرەت |
| 10. | م.د. ڕەوا محمد صالح | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەددین /ک. پەروەردەی بنەرەت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 11. | م.د. سامرند حمدامین حسین | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی /کۆلیژی پەروەردە |
| 12. | م.د.شێرزاد علي احمد | فەلسەفەی پەروەردە | زانکۆی گەرمیان/ک.پەروەردەی بنەرەت |
| 13. | م.د.ئەژی حمە قازی | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی /ک. پەروەردەی بنەرەت |

# The Difficulties of Teaching the subject of Skill and Social values in the first circle of the basic stage from teacher's perspectives

**Rangin Sadeeq Bakr**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, University of Halabja, Halabja, Kurdistan Region, Iraq.
Email: ranginsadiq70@gmail.com

**Ameera Hseen Shareef**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Ameera.Shareef@su.edu.krd

***Keywords:*** *Difficulties, Skill and Social values , First circle of the basic stage, Teachers*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

The aimed of this study is to investigate the obstacles to teaching the subject of skills and social values in the first circle of the basic stage from teacher's perspectives, and to determine the effect of variables (gender, years of service) in determining obstacles. To achieve this goal of the study, applied descriptive approach and survey was prepared and it was confirmed. In terms of validity and reliability, which consists of (5) the basic field that relates to difficulties in the field of (teaching methods, teachers, students, curricula, and administrative capacity for education), the research tool was applied to a study sample consisting of teachers from the borders of the education center in the governorate Erbil is (95) teachers. This research reached these results. The presence of a group of obstacles in teaching skills and social values precedes obstacles related to teachers. The results also showed that the gender variable had no effect on the differences in teachers' responses to a survey, as the variable of years of service has an impact on the differences in the responses of teachers to a survey in identifying obstacles. In light of the results of the study, some recommendations were investigated. At the end of the research, the research suggested the obstacles to teaching the subject, skills, and social values in the preparatory stage from the point of view of the teacher and the educational supervisor.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# صعوبات التدريس لمادة المهاره و قيم الاجتماعية في دائرة الآولى لمرحله الآساسية من وجهة نظر المعلمين

**ملخص :**
هدف من هذه الدراسه استقصاء صعوبات تدريس الماده مهاره و قيم الجتماعيه فى دائره الأول لمرحله الاساسيه في وجهه نظر المعلمين و تحديد أثر المتغيرات (الجنس، سنوات الخدمة) فى تحديد صعوبات ، لتحقيق من ذلک هدف دراسة تم تطبيق المنهج الوصفي و تم إعداد استطلاع رأى و تآكد من صدق و ثبات، التى تتكون من (5) مجال الاساسى التي تتعلق بصعوبات في مجال(طرائق التدريس، المعلمين، الطلاب، مناهج الدراسيه، بيئه الاداريه لتعليم)، تم التطبيق آلاداه البحث عن العينه الدراسيه تتكون من المعلمين من حدود التربيه المركزيه فى المحافظه أربيل تكون (95) معلمين ، هذه البحث وصل لهذا النتائج، وجود مجموعه من معوقات في التدريس ماده المهاره و قيم الجتماعيه أسبقهم صعوبات تتعلق بالمعلمين ، كما أظهرت النتائج متغير الجنس ليس لها أثر على الختلاف في استجابات المعلمين عن استطلاع رأي، آما متغير سنوات الخدمة لها أثر على فروق في استجابات المعلمين عن استطلاع رأي في تحديد صعوبات، من ضوء النتائج الدراسه تم استقصاء بعض التوصيات، في نهايه البحث آقترحه البحث بعنوان صعوبات التدريس الماده المهاره و قيم الاجتماعيه في مرحله اعداديه من وجهه نظر المعلمين والمشرف التربوي.